# به ناو پێشمەرگەی شاخ دانشتوانی شار خەڵات دەکرێن!!

**ئەحمەد رەجەب**

لەم دواییدا کاربەدەستان و وەزارەتەکانی رۆشنبیری لە هەردوو حکومەتی کوردستان بۆ رێزلینان و پاداشتدانەوەی پێشمەرگە نووسەرەکان بە چەپ وراستدا کەوتنە دابەشکردنی خەڵات و بە ناوی چەندپێشمەرگەیەکی خاوەن قەلەمی لێهاتوو، چەند شەهیدێکی قارەمان وەك هەلیکی رەخساوو گونجاو بۆ ئەوەی دوست و لایەنگیرانی خۆیان لە بیر نەکەن خەڵات بەسەر دانیشتوانی شارەکانیشدا بلاو کرایەوە.

پێش هەموو شتێك ئەو کارەی هەردوو حکومەت هەنگاوێکی گرنگ و مەزن و هەستیارە بە رۆڵی پێشمەرگەی نووسەر، بۆیە پێویستە پشتگیری لێ بکرێت و، لە هەمان کاتیشدا داوا بکرێت تەنها ئەو ژمارە کەمە نەگرێتەوە، بەڵکو بیر لە هەموو نووسەرانی پێشمەرگە بکرێتەوە، واتە لە گەڵ پێشمەرگەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو خاوەن حکومەت ، پێشمەرگەی لایەن و حزبەکانی تری سەر گۆرەپانی خەبات و تێکۆشان بێ بەش نەکرێن.

پێش ماوەیەك حکومەتی کوردستان لە سلیمانی خەڵاتی بە سەر چەند نووسەرێك دابەش کرد، بەڵام لە پاڵ ناوی دوو شەهیدی نەمری یەکێتی نشتمانی کوردستان کاك جەمیل رەنجبەرو کاك بورهان مستەفاو، دوو نووسەری شیوعی بەرێزان کاك ئەحمەد دڵزارو کاك جەلال دەباغ هەندێ نووسەر خەلات کران کە بە هیچ شێوەیەك لە شاخ نەبوون و بگرە زۆر دوورە پەرێز بوون.

ئەگەر یەکێك پرسیاری کردو وتی : چۆن دەزانرێت هەندێ لەو نووسەرانە دوورە پەرێز بوون و نەهاتوونەتە شاخ، لە وڵامدا دەڵێن : کاتێك کۆمەڵێك نووسەری پێشمەرگە لە شاخ بوون، هەندێ لەو نووسەرە بەرێزانە کە خەڵات کران لە ناو شاردا بوون ، واتە لە شاخ نەبوون و، لەوێدا نەدەبینران.

هەندێ نووسەر لە ناو شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی نهێنی لە رێی رێکخستنی حزبەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکان بابەتیان بۆ بلاوکراوەکانی پێشمەرگە دەناردو، بە ناوی نهێنی بۆیان بلاو دەکرایەوە.

لە ناو لیستەکەی حکومەت نووسەری وا هەبوو، پێشمەرگە نەبوون و، بابەتشیان نەناردووەو، خەلاتی پێدراوە.

ژمارەی ئەو نووسەرانەی لە رووی نووسینەوە کۆمەکیان بە پێشمەرگە کردووە زۆر نین و، لە لای پارت و هێزەکانی سەر گۆرەپانی تێکۆشانی کوردستان بە هۆی رێکخستن و هاورێ و دوست ناسراون و، دەشزانن بە چی ناوێکی نهێنی بەرهەم و نووسینەکانیان لە گۆڤارو بڵاوکراوەکان بلاو دەکرایەوە.

دیارە لای خۆمان هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بێتە کایەوە و لە خزمەتی توێژێکی تایبەتی بێت، بە چەند خاڵێکی نیگەتیڤ لە بەر بەرژەوەندی تاکە کەسیی، یان پێشبرکەی حزبایەتی، یان بۆ خەڵك راکێشان بۆ ئەم حزب، یان ئەو رێکحراو لە بار دەچێت و بێ کەڵك دەمێنێتەوە، ئەگینا بۆ، یان ، لە بەرچی خەڵات بە ناوی پێشمەرگە بە سەر کەسانی تر دا دابەش دەکرێت ؟؟!!.

خەلات کرنی پێشمەرگە رێگا لە کەس ناگرێت، واتە حکومەت دەتوانێت خەلاتی دانیشتوانی ناو شار بکات،لە بەر ئەوەی هیچ جیاوازییەك لە نێوان دانیشتوانی شارو دێهاتەکان و پێشمەرگە نییەو، هەموو کات پێشمەرگە لە خزمەتی گەل و نشتماندا بووەو، پێویستە هەرواش بمێنێتەوە ، بەڵام باشتر وابوو ئەو هەنگاوە ئەوەندە زل نەکرێت و، ناوی نووسەری پێشمەرگەی لێ نەنرێت !!، چونکە لە پاڵ ناوی پێشمەرگە نووسەرەکان خەڵکی تریش خەلات کران.

زۆر لە هاولاتییان دەڵێن باشترین خەڵات بە پێشمەرگە بدرێت ( نووسەر بێت یان نوسەر نەبێت ) پارچەیك زەویی و برینەوەی مووچەییێكی مانگانەیە وەك خانەنشین بەبێ جیاوازی بیروباوەری سیاسی و كورد واتەنی : جیاوازی لە نێوان زەردو سوورو شین و سەوز نەبێت، بەڵام ئەم كارەش ئاسان نییە چونكە تا ئێستا دانیشتوانی كوردستان هەر لە زاخۆ تا بەدرەو جەسّان بە زەردو سەوز وسوور و شین ورەنگەكانی تر داوا دەكەن هەردوو حكومەت، زەردو سەوز یەك بگرن، یەك بگرن، بەڵام ،

( ئاخ و داخ ) ، بەڵام ئاخوداخ ، بەڵام و، بەڵام ... یەك ناگرن.

ئەوان ناتوانن ئاواتەكانی گەل ، داواكانی گەل، داخوازییەكانی جەماوەر جێ بە جێ بكەن ، چۆن چۆنی دەتوانن خەڵات بە سەر هەموو لایەكدا وەك یەك دابەش بكەن !!؟؟.